# گێژەن

غەریب پشدەری



**گێژەن**

هەموومان بەدەست ئەم ژیانەوە..
وێڵ و سەرسامین
دەڕۆین و هەنگاو هەڵدێنینەوە

کەچی هیچ کاممان، تەنیا حەرفێکی
لاپەڕەی عیشقی بە یەک نەگەیشتووی
سیامەند و خەجێک ناخوێنینەوە.

٢٠١٧/١٢/٢٠

**مەمک**

ناوێرم باسی مەمکان کەم.. بڵێم چۆنن
لە ترسی ئەو جحێڵانە
نەکو بڵێن..
پیرە پیاوێکی وەکو تۆ
چ کاری بە مەمکۆڵانە

لەوە بێ ئاگان سەردەمی..
هەرزەکاریم، وەک خۆی ماوە

بەڵام چ بکەم لە دەست جەوری
دەستی لەرزۆک و بێ توانا و
ئازاری پشتی چەماوە

٢٠١٧/١٢/٢٢

**هانا**

دەستم بگرە با نەکەوم
پیری پرزەی لێ بڕیوم
غەمی ئێستام هەرچی شادی
دوێنێ هەیە، لێی کڕیوم

دەست و پەنجەی نەرمت بێنە
با تەزوویەک بدەنەوە بەهەناوم
زۆر دەمێکە سێبەری ژین.. سڕی کردووم
یەکجار تامەزرۆی هەتاوم

٢٠١٧/١٢/٢٢

**فرمێسکی حەسرەت**

با دەم بە گەردەنتەوەنێم
بۆنی شان و لا ملت کەم
با تێر تەماشای ئەفسوونی
دووچاوی پڕ لە کلت کەم

با بەژن و باڵای باریکت
بە تاسەوە، لە باوەشی خۆم وەرێنم
وردە فرمێسکی حەسرەتم
بەسەر تەمەنی ئاوابووی
بەجێماوا هەڵوەرێنم

با ببمە گوڵبێنەیەک و
بەسەر سینگ و بەرۆکتەوە
سەر خەوێکی قووڵ بشکێنم
لەوە ئەرخەیان بە هەرگیز
نهێنی ئەو چرکەساتە
بۆ هیچ کەسێ نادرکێنم

٢٠١٧/١٢/٢٤